هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە جگە لەو کەسەی سەرپێچی بکات ونەیەوێت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو ئومەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە جگە لەو کەسەی سەرپێچی بکات ونەیەوێت». ووتیان: کێ هەیە سەرپێچی بکات ونەیەوێت؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەوەی گوێڕایەڵی من بکات دەچێتە بەهەشتەوە، ئەوەی پێچەوانەی فەرمانەکانی من کردەوە بکات؛ ئەوا سەرپێچی کردووە ونایەوێت بچێتە بەهەشتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەموو ئومەتەکەی دەچێتە بەهەشتەوە مەگەر ئەوانەی نەیانەوێت ! هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتیان: ئایا کێ نایەوێت ئەی پێغەمبەری خودا ؟! وەڵامی دانەوە -صلى الله عليه وسلم-: هەرکەسێک شوێنکەوتوو وگوێڕایەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت ؛ دەچێتە بەهەشتەوە، وئەوەی سەرپێچی بکات وملکەچی شەریعەت نەبێت ئەوا نایەوێت بچێتە بەهەشتەوە بەهۆی کردەوە خراپەکانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4947